<u>عەبدوڵڵا سەمەدی</u>

**کێهە تەم .. ؟**

وەڕەز و ماندوو، بە گلۆڵە بەنێکی ئاڵۆزاوی بیر و ئەندێش، لە گێژاوی لێڵی کۆمەڵێکی پڕ گزە و فڕوفێڵ، بە ناهومێدی پەلم دەکوتا و خۆم دەکێشایە تراویلکەی کەنارەیەکی ئارام و بێدەنگ.

قرچەی نیوەڕۆ بوو و لە تاکسییەکی چەپرەك و شڕدا، بۆ حەسانەوەی نیوەڕۆژ بەرەو ماڵ دەچوومەوە. دیمەنی ڕووخساری شیرن و بێتاوانی کۆرپەیەکی نازدار بە باوەشی دایکییەوە لە شووشەی پشتەوەی ماشێنێکی بەردەم، سرنجی ڕاکێشام. یەکساڵان دەبوو و نەدەبوو. نەیدەزانی دەوری چ پادشایەکە.

چاوە زیت و گەورەکانی دەگێڕا و لە دیمەنی دەور و بەری خورد دەبۆوە و جارجار لە تاکسییەکەی ئێمەی دەڕوانی. بە هەموو شت پێدەکەنی و بە پێچەوانەی ئێمە هەموو شتی هەر بە جوان دەدی . لە دەوری مەیدانێك لێك دابڕاین و ماشێنی ئێمە بە لاڕێیەکدا لێهاڵایەوە. سیمای نازداری ئەو ساوایەم لەبەر چاو نەدەڕەوییەوە. دوو دنیای جیاواز...

بەڵام ئەو سیما نازدار و ڕووخسارە نازە، وردە وردە لەبەر زەینم تووکی لێڕوا، گنج و لۆچی تێکەوت. ئەو پەنجە خڕپن و سپیکەڵەی جارجار بە شووشەکەی دادێنا، بووبە چنگاڵێکی ئێسکن و خواروخێچ. تووڕەیییەکی بە سامی لە نێو چاوان دەباری و چاوە زیتەکانی بڕیبوە تاکسییەکەی ئێمە. باش دەمزانی چی لە خەیاڵدایە و چ خەونێکمان پێوە دەبینێ. بیرم لەوە دەکردەوە، *ئەو کۆترە شینکەیەی گوێسوانە، بۆ بووبە گورگی دڕ؟*

ئەو کۆتر و گورگە، لە نەکاو وەبیر هەڵبەستێکی " **فەرەیدوونی موشیری** " یان خستمەوە کە تەواو بیستوپێنج ساڵ لەمەوبەر خوێندبوومەوە و تێی‌نەگەیشتبووم.

دیمەنی کتێبێکی بەرگ سووری قەوارە بچووك بە ناوی "**هەڵبژاردەیەك لە هەڵبەستی فەرەیدوونی موشیری**" هاتەوە بەر زەینم. دابەزیم و ئەو چەند هەنگاوەی هەتا بەر دەرکی ماڵێ بیرم لەو کتێبە دەکردەوە، بڵێی لە کوێم دانابێ؟

دۆزینەوەی زۆری نەکێشا. بەلەز پەڕەکانیم هەڵدەدایەوە و لە **کۆتر و گورگ** دەگەڕام. لە ژێر سەردێڕی «*کُدام غُبار..؟* »دا دۆزیمەوە. پاشی ئەوەی بە دڵ خوێندمەوە، پێم خۆش بوو بۆ هەموو کەسی بگێڕمەوە:

<u>*کێهە تەم..؟*</u>

دەمی ڕوانی هەر چرۆ، موژدەیێکە بۆ ژیان.

ژیانە ڕوانی هەر چرۆ.

* * *

هەر سەرەوبەهار

لە سایە هەوری پڕ بەزە

بەژنی دارە پڕ شکۆ

شکۆفەیێکە هەر چڕۆ

هەر ـ لکە و دەبێتە چلچرا

دارێکی پڕ شکۆفە، باغ...

* * *

کۆرپەیێ کە تازە چاو دەکاتەوە

خۆی دانە چەکرییە

کوڵمە تازەکانی وەك شکۆفەیە

چلچرای گەشی هەرێمی ماڵە ئەو

پێکەنینەکەی بەهاری پڕ لە بەستەیە،

لە سینگی بێشکە چاوەڕوانی خەو...

* * *

هۆ! شنەی بەیانی ڕێبوار! دەپێم بڵێ

ئەم چرۆگەلەی نەمامی باغی ژین،

ئەم شکۆفەلەی ئەوین،

لە گزەی سەبوونی کامە شۆرەکات

وردە وردە دەبنە دڕك و داڵ؟

* * *

ئەو کەڤۆکی هەورەبانی ئاشتی

لە تەمی سیحری کامە جێهەوار

هێدی هێدی دەبنە گورگی هار؟